محمد موشیر : . . . . ل٣
ئێمە لەگەڵ مومکینشدا بێ فەنین

شێخ سدیق: . . . . ل٤
وا دەخوازێ گوتارو راڤەی نوێ بەرهەم بێنین

دۆسیەی تایبەت : . . . . ل٥
عەبدولرەحمان مستەفا لە ماددەی ١٤٠ دەدوێ

وەرزش- فەرهاد ئەکرەم: . . . . ل١١
هۆکاری دۆڕاندنی هەڵبژاردەی ئۆلۆمپی عێراق


## تا ئێستا دە هەزار دیناری جەژنانە نەگەیشتۆتە هەرێم

بڕیاربوو هەر هاووڵاتییەکی عێراقی بڕی ١٠ هەزار دینار وەك یارمەتی بۆ جەژنی رەمەزان وەرگرێت، ئەم بڕیارە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقەوە بە فەرمی راگەیەنراو تەواوی ناوچەکانی باشور بە کەرکوك و مەخموریشەوە وەریانگرت، تەنها ناوچەکانی هەرێمی کوردستان نەبێ! بۆ ئەم مەبەستە سەرچاوەیەك لە بانقی هەرێمەوە بە رێگای کوردستانی راگەیاند، تاوەکو ئێستا پارەی دیاریکراو کە تایبەتە بەو جەژنانەیەی بڕیاری لەسەر دراوە کە بڕەکەی ١٠ هەزار دینارە بۆ هەر هاووڵاتییەك نەگەیشتۆتە دەستمان، تا بەسەر هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستانیدا دابەشی کەین.


# رێگای کوردستان

یەکەمین ژمارەی بە نێوی (ئازادی) یەوە لە نیسانی ١٩٤٥دا دەرچووە

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

نیشتمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیار

دیموکراسی بۆ عێراق‌و
مافی بڕیاردانی چارەنووس
بۆ گەلی کوردستان

هەفتەنامەیەکی سیاسییە، حزبی شیوعی کوردستان دەریدەکات — ژمارە (٧٢١) — چوارشەممە ٢٠٠٦/١٢/٢٠ — سەرماوەز ٢٧٠٦


# لە دژی را پۆرتەکەی بیکەر- هاملتون دا

# بەرهەڵستکارانی چین و توێژەکانی گەلی کوردستان لە زیادبووندایەو پرۆسەی ئیمزا کۆکردنەوەش بەردەوامە. . بۆ ل٢

## رێژەی ١٧٪ی بودجەی هەرێمی کوردستان چەسپا

## کۆبوونەوەکانی سەرەك وەزیرانی عێراقی فیدراڵ‌و کوردستان درێژەی هەیە

رۆژی ١٨/ ١٢/ ٢٠٠٦ لە بارەگای ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵ نوری مالیکی سەرەك وەزیرانی عێراق‌و دکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵح جێگری سەرەك وەزیران پێشوازیان لە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرەك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، دوا گۆڕانکارییە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی عێراق بەشێك بوو لەم دیدارەو دواتر باس لە کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکومەتی هەرێم‌و عێراق کرا، کە ئەوانیش بریتی بوون لە بودجەی هەرێمی کوردستان‌و سامانی نەوت‌و هاوئاهەنگی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ وەزارەتی بەرگری عێراقدا. لە دوای کۆبوونەوەکە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە لێدوانێکی رۆژنامە نووسیدا گوتی: کۆبوونەوەیەکی زۆرباش بوو، لە زۆربەی خاڵەکاندا گەیشتینە یەك، ئەگەرچی هەندێ بۆچوونی جیاواز هەن لەلایەن هەردوولاوە، بەڵام خیلاف نین، ئەوانیش مەسەلەی ئیمزاکردنی گرێبەست‌و ئەو ناوچانەن کە هەتا ئێستا نەهاتوونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام گەشبینم بەشێوەیەکی گشتی هەموو مەسەلەکان چارەسەر دەبن.

هەروا بەڕێزی دەربارەی بودجە دووپاتیکردەوە کە لە ١٧٪ کە یەکلایی کراوەتەوەو جێگیرکراوە، تەنها ئەوە ماوە لە کۆبوونەوەی ئایندەی ئەنجومەنی وەزیراندا گفتوگۆی لەسەر بکرێ‌و رابگەیەنرێ. بۆ مەسەلەی نەوتیش بیروبۆچوونەکان زۆر لێك نزیکن‌و هەندێ موستەلەمات ماوە کەئەویش لەئایندەیەکی زۆر نزیکدا یەکلایی دەکرێنەوە، دەربارەی پێشمەرگەش بەڕێزی گوتی: بودجەیەکی زۆر لە بودجەی عێراق بۆ هێزی بەرگری دانراوە، ئێمە داوامانکردووە کە نابێت هەرێمی کوردستان بێبەش بکرێت، چونکە پێشمەرگە بەشێکن لە سیاسەتی بەرگری هەموو عێراق، ئەم کێشەیەش وەك خۆی ماوەتەوەو هیوادارم لە کۆبوونەوەکانی ئایندەدا ئەوەش چارەسەر بکەین.

## هاوپەیمانییەتێکی سیاسی هێزو لایەنە عێراقی‌و کوردستانییەکان لە ژێر گفتوگۆدایە

بە ئامانجی کۆکردنەوەی زۆرترین هێزو لایەنی سیاسی تا بەشداربن لە هاوپەیمانیەتێکی پتەودا، سەرجەم توانا دیارەکانی عێراقی تێدا بەشداربێت‌و هێزە لیبرالی‌و دیموکراتیخوازەکان لەخۆ بگرێ، سەر لە ئێوارەی رۆژی ١٨/ ١٢/ ٢٠٠٦ بەڕێزان جەلال تاڵەبانی سەرۆکی عێراق‌و مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان‌و عەبدولعەزیز ئەلحەکیم سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی‌و د.نوری مالیکی سەرەك وەزیرانی عێراق‌و عەلی بابان نوێنەری حزبی ئیسلامی عێراق، کۆبوونەوەیەکیان گرێداو باسیان لەو هاوپەیمانیەتییەو فراوانکردنی کرد، دواتر رەوشی عێراق‌و ئەگەری گۆڕینی ستراتیژییە نوێیەکان خرانە بەر تیشکی بۆچوونەکانیان‌و بەڵێنیاندا کۆبوونەوەی لەم شێوەیە دەبێت بەردەوامی هەبێت، تا ئایندەی عێراق بەرەو ئەو ئاراستەیە ببەن کە زۆرینە لەسەری کۆکن.

## پەرلەمانی کوردستان

## لەبەرامبەر راپۆرتەکەی بیکەر- هاملتۆن هەڵوێست وەردەگرێت

رۆژی ١٧/ ١٢ لەدانیشتنێکی نائاساییدا پەرلەمانی کوردستان لەبەرامبەر راپۆرتەکەی بیکەر هاملتۆن هەڵوێستی وەرگرت و بەدژایەتی کردنی بەرژەوەندیەکانی کوردی لەقەڵەمدا. لەمبارەیەوە عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمان ئاماژەی بەوەدا "ئەو راپۆرتە چەند خاڵێکی ناواقیعی تێدایە و لەوەدەچێ لەساڵەکانی هەشتادا نوسرابێت".هەروەها وتی" یەکێك لەکەموکورییەکانی لێژنەکە ئەوەیە کەسەردانی کوردستانی نەکردووە و بەپێچەوانەوە سەردانی بەغدای کردووە"، دواتر عومەر فەتاح جێگری سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێم وتی" یەکێك لەخاڵە لاوازەکانی ئەو راپۆرتە گرنگی نەدانە بەمادەی ١٤٠ کەتایبەتە بەئاسایی کردنەوەی کەرکوك، کەلەراپۆرتەکەدا بەبۆمبێکی باروتی لەقەڵەمداوە کەئێمە لەدەستوردا جێگیرمان کردووە" سەبارەت بە کاریگەریە خراپەکانی ئەو راپۆرتە شیروان حەیدەری سەرۆکی لیستی زەرد و لێژنەی یاسایی پەرلەمان وتی" جگە لەوەی راپۆرتەکە بەرژەوەندی کوردی لەبەرچاو نەگرتووە، کاریگەری خراپیش لەسەر ناوچەکە دادەنێت و زیاتر ئاڵۆرزی دەکات" دواتر بەکۆی دەنگ ئەندامانی پەرلەمان راپۆرتەکەی بیکەر هاملتۆنیان رەتکردەوە و نامەیەکی نارەزایەتیان ئاراستەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد کەلە نۆخاڵ پێکهاتووە و باس لەجێگیر کردنی سیستمی فیدرالی و چارەسەری مەسەلەی کەرکوك بەدەستوور و دوور خستنەوەی کەسانی دژ بەحوکمرانی عێرانی نوێ و لەبەرچاو گرتنی سەنگی کورد لەحکومەتی عێراق و چەندین خاڵی دیکە.

## بانکەکانی هەرێم پڕن لەپارە دەستکرا بەدابەشکردنی مووچەی مانگی (١٢)

بەبڵاوبونەوەی هەواڵی خاڵی بوونی بانکەکان لەپارە، هاووڵاتیانی کوردستانی نیگەران کردو پێیان وابوو مووچەی دوا مانگی ئەمساڵ دوا دەکەوێ، بەڵام سەرچاوەیەکی بەرپرس بە رۆژنامەکەمانی راگەیاند کە لە هەفتەی رابردووەوە پارەیەکی زۆر گەیشتۆتە کوردستان‌و دەست بەدابەشکردنی مووچە کراوەو بڕیارە بەر لە کۆتاهاتنی ساڵی ٢٠٠٦ تەواوی وەزارەت‌و فەرمانگەکانی هەرێم مووچەی خۆیان وەرگرن‌و لەسەرەتای ساڵی ئایندەشەوە بەپێی نەخشە نوێییەکەی وەزارەتی دارایی عێراق مووچە بەسەر فەرمانبەراندا دابەشدەکرێت.

## ئە نجومەنی نوێنەرانی عێراق

## بیر لەیاسای خزمەتی سەربازی و ئاڵا دەکاتەوە




سەرچاوەیەك لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدرال بە رێگای کوردستان ی راگەیاند کە چەندین یاسا لەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەراندایە بۆ گفتوگۆ لەسەرکردن و بریار دان، هەروها ئەو سەرچاوەیە ئەوەی روونکردنەوە کە لەنێو ئەنجومەنی نوێنەران لە دانیشتنی ٥٩ یەمین دا قسە لەسەر یاسای خزمەتی سەربازیی نوێ و خزمەتی ئاڵا کرا ، لەگفتوگۆکاندا ئەوە دووپاتکرایەوە کە بریار دان لەسەر یاسای خزمەتی ئاڵا و ئاڵایەکی نوێ رەنگە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی بارگرژی و پێکناکۆکی نێوان مەزهەب وتایفەکانی عێراق پاشان یەکخستنیان.

لەوبارەیەوە ئەندامانی پەرلەمانی عێراق تێبینی و سەرنجی خۆیان لەبارەی یاساکان خستە روو ،

## پەرلەمان یاسای وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن پەسەند دەکات

هەولێر- رێگای کوردستان

دوێنێ ١٩ /١٢/ ٢٠٠٦ پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە ٢٣ خولی دووەم بەسەرپەرشتی عەینار مفتی سەرۆکی پەرلەمان‌و ئامادەبوونی عیماد ئەحمەد وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن‌و بڕیاری لەسەر پرۆژە یاسای وەزارەتدا..

بەدواداچوونی هەواڵ

# کۆنگرەی ئاشتەوایی‌و ئەگەرەکانی ستراتیژی نوێی ئەمریکا لەعێراقدا

### ئامانجەکانی کۆنگرەی ئاشتەوایی:

شەممەی رابردوو کۆنگرەی ئاشتەوایی نیشتمانی عێراق یەکەمین دانیشتنی خۆی بە ئامادەبوونی نوێنەری زۆربەی لایەنە سیاسی‌و فراکسیۆنە سەرەکییەکانی نێو حکومەتی عێراق ئەنجامدا بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەو ئامانجانەی خوارەوە:

١-پشتیوانیکردنی پرۆژەی ئاشتەوایی نیشتمانی‌و دابینکردنی پێداویستییەکانی سەرکەوتنی.
٢-گەیشتن بە بینینێکی هاوبەش.
٣-گەیشتن بە راگەیاندنی بەیاننامەیەکی سیاسی هاوبەش کە بۆچوونەکان یەکبخات لە پێناو ئەنجامدانی پرۆسەی سیاسی‌و هەڵوێستگیری بەرامبەر تیرۆرو پەیوەندییە هەرێمایەتییەکان.
٤-یەکتری ناسینی هێزە سیاسییەکانی عێراق‌و گەیشتن بە میکانیزمێکی شارستانی‌و چەسپاو لە رەفتاریان لەگەڵ یەکتردا.
٥-گەیشتن بە بەڵێننامەیەکی شەرف لە نێوان هێزە سیاسییەکانی عێراق بەتایبەت لە بواری رەوشتەکی‌و راگەیاندن‌و ئاراستەکردنی رەخنەدا.
٦-گەڵاڵەکردنی دیتنێکی سیاسی هاوبەش سەبارەت بە رۆڵ‌و ئایندەی میلیشیاکان‌و رێگاکانی چارەسەرکردنی ئەو دیاردە ترسناکە.
٧-دانان‌و داڕشتنی چەند پێشنیارێکی کردەیی لەپێناو ئەوپەڕی سوود وەرگرتن لە شارەزایی‌و تواناکانی سەرجەم هێزە نیشتمانیە عێراقییەکان (لەوانەی لە ناوەوەو دەرەوەی پرۆسەی سیاسیدان) لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی‌وجێبەجێکردن‌و چاودێریکردنی ئەداو داڕشتنی ستراتیژی گشتی سیاسەتەکانی وڵات‌و پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت بۆ بەدواداچوونی ئەم پرۆژە گرنگە.

### بۆچوونی لایەن‌و کەسایەتییە سیاسییەکان:

لە دەستپێکی دانیشتنەکەدا وتەی بەڕێز سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ لەلایەن (کامەران قەرەداغی)ەوە، پێشکەشکرا کە تێیدا هاتووە: "ئێمە لایەنگری سەر گەرمیی ئاشتەوایی نیشتمانی راستەقینەین‌و.. ئاشکرا رامانگەیاندووە کە هەموو لایەنەکان دەگرێتەوە بەبێ جیاکاری‌و تەنانەت ئەوانەش کە سەر بە حزبی بەعس بوون‌و لەدەزگاکانی رژێمی دیکتاتۆری پێشوودا کاریان کردووە بەدەر لە تاوانباران‌و بکوژە سەدامییەکان کە بێشەرمانە تا ئێستاش پابەندبوونی خۆیانبە رژێمی سەدام ئاشکرا رادەگەیەنن".
لەلایەکی دیدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز (مەسعود بارزانی) لە وتەکەیدا کە لە یەکەمین دانیشتنی کۆنگرەکەدا پێشکەشی کرد، جەختی لەوە کردەوە کە "هاوکاربن تا لەو ئاستەنگە دەربازبین‌و ئازایەتی ئەوەمان تێدا هەبێ راستی بڵێین.. ... حوکمی یەك تایفەو تاك حزبی دوای ئەزموونێکی (٨٠) ساڵە هەرەسی هێناو کاتی ئەوە هاتووە دان بەواقیع دابنێین‌و چارەسەری فیدراڵی سەرکەوتووترین رێگە چارەیەو دەستوورێکمان هەیە دانی بە فیدرالیەتدا ناوە"..
گوتەی فراکسیۆنی ئیئتیلافی یەکگرتووی عێراق لەلایەن سەرۆکی فراکسیۆن(عەبدولعەزیز ئەلحەکیم) بۆ ئامادەبووان خوێندرایەوە کە تیایدا هاتووە "گەلی عێراق لەکۆمەڵێك رەگەزو مەزهەب‌و ئایین پێکدێت، مافی سروشتی خۆیانە هەموویان بەشداربن لە بەڕێوەبردنی وڵات بەپێی یاساو دەستوور..".
وتەبێژی "بەرەی تەوافوقی عێراقی" سەلیم عەبدوڵڵا، سەبارەت بە هەڵوێستی بەرەکەیان بەرامبەر بە کۆنگرەکە رایگەیاند کە: "بەشداربوونی بەرەکەیان لە پرۆسەی سیاسیدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کۆمەڵێك بەڵێننامە لەنێوانیاندا هەیە، کەچی تا ئێستا وەگەڕنەخراون.. بۆیە ئەوان بەشێکی سەرکەوتنی دەستپێشکەری ئاشتەواییە کە بۆ وەگەڕخستن‌و چاوپێخشاندنەوە بە بەڵێننامانەدا دەبینن" هەروەها لە ناوەڕۆکی وتەکەیدا ناوبراو ئاماژەبەوە دەکات کە "چاو بەوانە دابگێڕنەوە کەفەرامۆشکراون لە کەسانی سەربازی سوپای پێشوو، هاوسەنگییەکی نیشتمانی بهێنرێتەدی‌و بەرەنگاری نیشتمانی لە تیرۆر جیابکرێتەوەو یەکێتی دەوڵەت بپارێزرێ‌و پشتیوانی لە ریفۆرمی وەزاری بکرێت".
شایانی باسە (بزووتنەوەی ویفاقی نیشتمانی) بەشداری خۆی هەڵپەسارد لە کۆنگرەی ئاشتەواییداو لەمبارەیەوە گوتەبێژی فراکسیۆنی عێراقییەی نیشتمانی، "حسام ئەلعەزاوی" هۆکاری بەشدارنەبوونیان لە وتەکانیدا بەم شێوەیە دەربڕی" لەوباوەڕەداین ئەم کۆنگرەیە گەلێك پەل‌و دەستەی سیاسی بەلاوە ناوە کە ئەمەش وادەکات دەرەنجامەکانی شکست بهێنن، بۆیە ئێمە کشاینەوە".
لەلایەکی تردا فراکسیۆنی سەدرییەکان لەسەر زاری وتەبێژی فەرمی فراکسیۆنەکەیان، د.نەسار ئەلروبەیعی، رایگەیاندن کە: "ئێمە لەگەڵ هەر کۆنگرەیەکداین خزمەتی گەلی عێراق بکات دوور لە دەستێوەردانی داگیرکار، بەڵام لەو باوەڕەداین ئەم کۆنگرەیەش وەك ئەوانی پێشووی خۆی دەبێت، بۆیە بڕیاری دەستکێشانەوەمان دا". بە پێچەوانەی هەڵوێستی ئەودوو لایەنەی سەرەوە، دوو لایەنی بەرهەڵستکار کە بریتین لە "بزووتنەوەی موسڵمانانی عەقائیدی‌و فراکسیۆنی نیشتمانی یەکگرتووی عێراق" ئاشکرایان کرد کە لە کۆنگرەی نیشتمانی ئاشتەواییدا بەشدار دەبن، مایەی ئاماژەپێکردنە وتەبێژێکی بزووتنەوەی موسڵمانان، کەنەیویست ناوەکەی ئاشکرا بکرێت رایگەیاندووە کەئەوان کۆنترین بزووتنەوەی ئیسلامین لە عێراق‌و لەوەتەی (١٩٤٤)ەوە دامەزراون، کەچی وەلید ئەلمەشهەدانی کە ئەندامێکی (فراکسیۆنی نیشتمانی یەکگرتووی عێراق)ەو بارەگاکەیان لە سوریایە رایگەیاندووە کە فراکسیۆنەکەیان بەهاری ٢٠٠٤ دامەزراوە.

بۆ ل٢